# شەونم

هۆنراوەی (76)

در خرابات مغان نور خدا می بینم

من دەبینم لە مەی ئاوای موغەکان نووری هوێ
سەیرە، بڕوانە چ نوورێکی دەبینم لە کوێ
خێوی ئەو مەیکەدە دەروازە خودایە کێ یە
بۆتە میحرابی دوعا و قیبلەی حاجەت جوێ جوێ
سێ پلەی عاشقی و دڵبەری و دڵداری
کەرەمی تۆیە بە من گەیوە خەڵاتی نوێ نوێ
کاکی میرحاج نەکەی دەعیە لەسەر من کە ئەتۆ
خانەکەت دیوە ئەمن دیومە خودی خانەخوێ
کێ لە میشکی خوتەن و نافەی چینی دیوە
ئەوی من دیومە بەیانان لە هەناسەی سروێ
هەرچی لەو عالەمەدا نووری تەجەللایە و بەس
من نە لەو باوەڕە شل بووم و نەدەشبم شلوێ
دەمەوێ نافەگوشابم لە قەفی زولفی کچان
گەرچی ئەو فیکرە خەتایە و فرە حەستەم بلوێ
داخی دڵ، ئاوی چەمان،شینی شەوان،ئاخی بەیان
لوتفی تۆیە لە هەموولا سەری لێ ناومە سوێ
نەخشی رووت هەردەمە رێ یەک بەخەیاڵم دەگرێ
کێ خەبەردارە کە چم دیوە لەپەردەی توێ توێ
دۆستان رەخنە لە دڵداری حافز مەگرن
گەرچی مەعشووقی دەوێ خۆ لەگەڵ ئێوەش دەدوێ

حافزی حەقیقی